سەماحەتی حەکیم : قوتابیان بنیاتنەری ئێستا و داهاتوون و پێشخستنیان ئەرکێکی نیشتمانییە



بەبۆنەی ڕۆژی قوتابی عێراقی ، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی جەختی لەسەر گرنگی قوتابی بە بنیاتنانی ئێستاو داهاتووی وڵات کرد و ئاماژەی کرد کە ئەوان مەشخەڵ و هێواکانی ڕووەی وڵات و سامانێکی بێ نەهاتوون، بەڕێزیان لە بەیانێکی سەر تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان گوتی :

قوتابیان بنیاتنەر و داهاتوو و مەشخەڵ و هێواکانی ڕووەی وڵات و سامانێکی بێ نەهاتوون، چاوەڕێی خێری زۆریان لێدەکەین بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر نیشتمان بەجێ بگەینن،
لەڕۆژی قوتابی عێراقی، هەموو لایەنێ بەرپرسەکان لە وەزارەت و بەڕێوبەرایەتییەکان و قوتابخانە ئەهلییەکان ئاگادار دەکەمەوە لەوەی کە پێویستە توانای قوتابییە بەهرەمەندەکان بەرەو پێش ببەن و بایەخیان پێ بدەن و هانیان بدەن بۆ ئەوەی دەستکەوتیان هەبێت و خەروخۆشی بۆ ولات بهێنن و لەگەڵ پێشکەوتنی بەرچاوی بواری فێکردنی جیهانی بڕۆین کە ئێستا زۆر بەرەو پێش چووە.